سەماحەتی سەید حەکیم لەدیداری شیخ و پیاوە دیارکانی ئاڵ ئەلجەوابر : بەشداری کردنی هەشیارانە گەرەنتییە بە سەقامگیری سیاسی

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو بەرواری 24ی ئەیلول بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە کەمەڵەك شیخ و پیاوە دیارەکان و گەورەکانی هەزفی ئەجەوابری ئازیز، دوای پێشوازی کردن لێیان و گوێگرتن لە بەچوون و بەدواچوونیان لەسەر ڕووداوەکانی ناوچەکە و کاریگەری لەسەر عێراق بەرێز حەکیم ڕوونیکردەوە کە عیراق دوای 2003 مەینەتی زۆری بینی بەهۆی خوێندنەوەی هەڵەی وەتانی ناوچەکە و کاتێك عیراق ڕووبەڕووی بەشێتانکردن و شێواندن هاتەوە و بووە گەڕەپانێك بە توندڕەو و تیرۆریستان، ئەوە جگە لە ناکەکی و شێوی سیاسی و کەمەلایەتی.

سەید حەکیم ڕوونیکردەوە کە عیراق ئەمڕە لەدەخێکی سیاسی و کەمەلایەتی و ئەمنی دایە و داوای کرد پارێزگاری لەو هاوسەنگییانە و پێکهاتە کەمەلابیەتییەکان بکرێت و دووپاتیشی کردەوە کە بەشداری کردنی کاریگەر و بەرفراوان و هەشیارانە لە هەڵبژاردنەکان گرنگی خۆی هەیە، گوتیشی یەك دەنگیش گرنگە کاریگەرە و نابێت بە کەمی بزانن.

سەید حەکیم ڕوونیشی کردەوە کە پێویستی هەڵبژاردن دەبێت بەڵای پیاوی باش و لیستی باش بەوات، ڕوونیشی کردەوە کە خەرجکردنی پارە بەڕێژەیەکی زۆر لە لایەن هەندێك پاڕەوراوان جێگای گومانە، لەبەر ئەوەی ئەو پارانە لەگەڵ داهاتی پاڕەوراوەکە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان هیچ گونجاو نییە..